www.kurdistannet.org
14-2-2007 19:10 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## گلەییەک لە سەرۆکی حکومەتی هەرێم ... ڕێزدار نێچیروان بارزانی

ڕێز و سڵاو:

بەرێزتان لە 2007/2/5 لە میوانخانەی شیراتۆن بە بۆنەی پرۆگرام کردنی یەکەم مۆبایل بە زمانی كوردی وتارێكتان پێشكەش كرد، وتارەكە لە جێگای خۆیدا بوو و سەركەوتوو بوو، جەخت لەسەر زۆر شتی پێویست كرا، یەكێك لەوانە دروست كردنی مرۆڤی داهێنەرو و لەوەش زیاتر گەرانەوەی كوردەكانی تاراوگە بوو بۆئەوەی خزمەتی ئەو كۆمەڵگایە بكەن. جەخت كردنت لەسەر هاندانی كوردەكانی دەرەوە پانتاییەكی زۆری لە وتارەكەتدا داگیر كردبوو. جێگای خۆیەتی و دەستخۆشیشت لی دەكەین بۆ ئەم هەڵوێستە كە بەرێزتان هەمیشە خاوەن تواناكانی تاراوگەتان لە بیرە و لە زۆر بۆنەشدا هانیان دەدەن كە بگەرێنەوە بۆ كوردستان.

ئەوەی جێگای گلەییە ئەوەیە، كە ئەو كوردانەی لە كوردستاندا دەژین فەرامۆش دەكرێن. لەم بۆنەیەدا سوپاسی حكومەتت ئاراستەی هەموو ئەو لایەنانە كرد كە لە دوورو نزیكەوە پەیوەندیان بەم پرۆژەیەوە هەبوو، هەر لە حكومەتی كۆریا و كۆمپانیای LG و تەنانەت كۆمپانیای دەلتا كە بریكاری فرۆشتنی مۆبایلەكەیە و. . . هتد تەنانەت بە رادەیەك دەستخۆشیت لە برایەكی خاوەنی كۆمپانیای دەلتاكرد كە لە هەندەران گەراوەتەوە. تەنیا ئەو تیمە نەبی كەلێرەدا (لە هەولێر) كاریان دەكرد، تەنیا ئەو كوردانەی كوردستان نەبی كە شەو و رۆژیان لێك گرێدابوو بۆ سەركەوتنی ئەو پرۆژەیە. نەبوونی كارەبا و راكردن بە دوای وەستای مولیدە و چاوەڕوانكردنی كارەبای كاتژمێر (5) ی بەیانی، و نەبوونی فۆنتی (یونیكۆد) ی كوردی نوسینی هەزاران زاراوە بەهۆی رەمزەكانی یونی كۆد و. . . هتد نەبووە هۆی ساردبوونەوەیان لەسەر پرۆژەكە. تەنانەت تاقیكردنەوە و كۆمەڵی كارو چالاكی تری خۆیان كردە قوربانی ئەم پرۆژەیە. بە دڵنیاییەوە دەڵێم كە ماندووبوون و دلسۆزیان لە خودی كۆمپانیای LG زیاتر بوو بۆ پرۆژەكە. كەچی ماندوو بوون و شەونخونیان وەك بەردی بن گۆمی لی هات.

كاتی ئەو رۆژەت بەرۆژێكی مێژوویی ناو دەبرد ئەندامانی تیمەكە هەستیان بە شانازیەكی گەورە دەكرد. چاوەڕوانی ئەوەیان دەكرد كە سوپاسی تایبەتییان بكەی و دەستخۆشییان لی بكەی. كەچی گوێبیستی هیچ نەبوون. لێرەدا پرسیارێك لەلام دروست بوو. ئایا ئەو كوردانەی هەندەران هان دەدەی كە بگەرێنەوە بەڵام كە گەرانەوە و بوون بە هاولاتی كوردستانی بۆ پشت گوی دەخرێن. كورد گوتەنی (بەپێ بگرە و بی پی هی خۆمانە) خۆ ناشی بڵێن بەرێزتان لەو باوەڕەدان كە بێ پێیەكانیش شایانی سوپاس نیین.

تیمی كار لە پرۆژەی مۆبایلی كوردی
هەولێر ـ 2006/2/11

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.